٨١/٥

ته‌نجومه‌نی کوردستان بۆ پسپۆڕیه پزیشکیه‌کان



Setting Clinical and Professional Excellence

نامیلکه‌ی ناساندن

2013 نیسان

ئاماده‌کردنی

د.مؤید عبدالله وهاب

بەڕێوەبەری پلان

14441

Preview sample - page 1 of 8 - Soran University Academic Digital Library

خوێنەری بەڕێز.. سوپاسی هەر تێبینیەکت دەکەین و بێنیریت بۆ (plan@kbms.org)
تێبینی: لە لاپەرە (2) لە دێڕی (1) ، پووبەری هەرێم (38.217کم^2)، نەوەك (38.217م^2).

.....

٠٠١
٣٤٨٩

بۆردی کوردستان کەی دامەزرا و ئامانجی چیە؟

کەی دامەزرا؟

زانکۆی سۆران
کتێبخانە

لە کۆتفرانسێکی هاوبەشی زانکۆکانی کوردستان سالی 2001 پێشکاری [illegible]ی کوردستان بۆ پسپۆڕیە پزیشکیەکان پێشکەش کرا(لە مەودوا لەم نامیلکەیە ناماژەی پێدەکرێت بە بۆردی کوردستان). سالی 2004 ڕەشنووسی یاسای دامەزراندنی بۆردی کوردستان بەرزکرا بۆ پەرلەمانی کوردستان لە عێراق وە لە 2008/6/25 پەرلەمان پەسەندی کرد. بە پێگەی 6 یاسای ژمارە 10 سالی 2008 وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستان، بۆردی کوردستان وەکو دامەزراوەیەکی ئەم وەزارەتە دامەزرا.

بۆردی کوردستان دەزگایەکی فێرکردن و ڕاهێنانە لە بواری زانستە پزیشکیەکان کە لە ناستی زانکۆدایە، پەیوەستە بە دیوانی وەزارەت، کەسایەتی سەربەخۆی کارگێڕی و یاسایی هەیە لە چێبەجێکردنی ئامانجەکانی وە ئەنجومەنێکی زانستی باڵا بەڕێوەی دەبات.

ماوەی خوێندن و جۆری بڕوانامە

زانکۆی سۆران
کتێبخانەی گشتی
بەش
ژمارەی تۆماری کتێب
14441

ماوەی خوێندن و ڕاهێنان بۆ ڕاهێنراو لە نێوان 4-7 سالە بە پێی بەشە پسپۆڕیەکە. دوای تەواوکردنی ئەو ماوەیە بە سەرکەوتوویی بڕوانامەی بۆردی کوردستان بەدەستدەهێنێت کە ئامانجە بە بڕوانامەی دکتۆرا وە بەرزترین بڕوانامەی پیشەییە لە بەشە پسپۆڕیەکەی.

ئامانجی چیە؟

- پەرەپێدانی ناستی خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی تری خوێندن و ڕاهێنان وە وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.
- پەرەپێدانی ناستی ڕاهێنراوی بۆردی کوردستان لە بواری خوێندن و ڕاهێنان بە شێوەیەکی بەردەوام.
- دانانی پێوەری زانستی تایبەت بە فێرکردن و کارکردنی تەوانەی لە بواری پزیشکی کاردەکەن.
- پێگەیاندنی تەوبەکی توێژی بڕیاربەدەست لە بواری پزیشکی کە هاوتەریب بێت لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم.


Preview sample - page 2 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بۆردی کوردستان لە کوێیە و کێ بەڕێوەی دەبات؟

دیۆگرافی هەرێمی کوردستان

ڕووبەری گشتی هەرێمی کوردستان نزیکەی (38,217) مەتر دووجایە وە ژمارەی دانیشتوانی بە پێی ئاماری دەستەی ئاماری کوردستان لە وەزارەتی پلان بۆ ساڵی 2009 دەگاتە (4,698,794). هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵە لە عێراق کە لە پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆك پێك دێت وە هەولێر پایتەختی ئەم هەرێمەیە وە پارێزگای کەرکوك بەکێشە لە پارێزگاکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی نیشتەجێی هەرێم.

!



بارەگا سەرەکیەکەی لە کوێیە وچەند سەنتەری ڕاهێنانی هەیە؟

بارەگاو سەنتەری ڕاهێنانی سەرەکی بۆردی کوردستان لە شاری هەولێرە وە سێ سەنتەری ڕاهێنانی تری هەیە لە سلێمانی، دهۆك و کەرکوك. ڕاهێنەرەکان، وانە ووتن وە ڕاهێنان بەڕاهێنراو دەکەن لە دەزگا تەندروستیەکان وهۆڵەکانی خوێندنی وەزارەتی تەندروستی وە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەوسەنتەرانەی سەرەوەکە ناماژەی پێکراوە. بێجگە لە ڕاهێنانی ڕاهێنراو لە ناوەوەی هەرێم، بۆردی کوردستان گرنگیەکی تایبەت دەدات بە ڕاهێنانیان لە سەنتەرە پزیشکیە بارهێنەکراوەکانی دەرەوەی عێراق وە ئەمە مەرجێکی سەرەکیە لە بە دەستهێنانی بڕوانامەی دەرچوونیان لە بۆردی کوردستان. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەرجەش، لە ساڵی (2012) وە ، بیست و حەوت ڕاهێنراو لە دەزگا تەندروستیەکانی سەر بە سەنتەری هوسەینی پزیشکی لەنوردون ڕاهێنان دەکەن.

جێی ئاماژە پێدانە ئەو ڕاهێنەرانەی کە ڕاهێنان دەکەن وە وانە دەڵێنەوە بە ڕاهێنراو لە سەنتەرەکانی ڕاهێنان، بان لەسەرمیلاکی بۆردی کوردستان بان وەزارەتی تەندروستی وە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیش وەکو زانکۆی هەولێری پزیشکی، کۆلێژی پزیشکی سلێمانی و دهۆك، بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی هەولێر، سلێمانی، دهۆك و کەرکوك.

Preview sample - page 3 of 8 - Soran University Academic Digital Library

پەیکەری بۆردی کوردستان

ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕیە پزیشکیەکان لە لایەن ئەنجومەنی باڵای کاروباری زانستی و کارگێڕی بەڕێوە دەبرێت. ئەنجومەنی باڵا پێکهاتووە لە سەرۆکی ئەنجومەن، ئەندامیەتی بارێدەوری سەرۆکی ئەنجومەن بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی، چوار سەرۆکی ئەنجومەنی پسپۆڕیەکانی هەناو، ئەنجومەنی پسپۆڕیەکانی نەشتەرگەری، ئەنجومەنی پسپۆڕیەکانی دڕان، ئەنجومەنی پسپۆڕیەکانی دەستنیشانکردنی کلینیکی ئەخڵتیەکان وە نوێنەرێکی وەزارەتی تەندروستی .




هەر یەکێک لە چوار ئەنجومەنە پسپۆڕیەکان، سەرۆکی ئەنجومەن بە ڕێنوێنی دەبات. بە ئەندامیەتی هەژدە (18) بەڕێوەبەری پرۆگرام کە سەرپەرشتی(38) لێپرسراوی سەنتەرەکانی ڕاهێنان دەکەن لە هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوک. جێی ئاماژە پێدانە کە پرۆگرامی سەرکردن و چاودێری چەم وە پرۆگرامی شێرپەنجەی کلینیکی لە ژێر ئاوێنەی کردنەوە بۆ کردنەوەی، ئەمەی خوارەوە پێکهاتەی ئەنجومەنە پسپۆڕیەکانە :

1. ئەنجومەنی پسپۆڕیەکانی هەناو
   a) پرۆگرامی هەناو
   b) پرۆگرامی نەخۆشیەکانی کۆتەندامی هەرس و جگەر
   c) پرۆگرامی پزیشکی هێڵان و کۆرمەڵ
   d) پرۆگرامی ئەخڵتی و تەندروستی منداڵ
   e) پرۆگرامی دەروونی
2. ئەنجومەنی پسپۆڕیەکانی نەشتەرگەری
   a) پرۆگرامی نەشتەرگەری گشتی
   b) پرۆگرامی ئافرەت و منداڵبوون
   c) پرۆگرامی نەشتەرگەری لوت و قورگ و گوێ
   d) پرۆگرامی نەشتەرگەری سینگ و دڵ وبۆڕیەکانی خوێن
   e) پرۆگرامی تێشک و شکان
   f) پرۆگرامی نەشتەرگەری میزەڕۆ
   g) پرۆگرامی میشک وکۆرمەڵەی دەمارەکان
3. ئەنجومەنی پسپۆڕیەکانی دڕان
   a) پرۆگرامی پزیشکی دڕان
   b) پرۆگرامی نەشتەرگەری دەم و شەویلاگ
4. ئەنجومەنی پسپۆڕیەکانی دەستنیشانکردنی کلینیکی
   a) پرۆگرامی تیشک، وێنەگرتنی پزیشکی وە چارەسەرکردن بە تیشک
   b) پرۆگرامی پزیشکی ناڤیگە

Preview sample - page 4 of 8 - Soran University Academic Digital Library


پێکهاتەی فەرمانبەرانی بۆردی کوردستان

کۆی گشتی میلاکی فەرمانبەرانی بۆردی کوردستان 404 فەرمانبەرە. لەمانە 304 پزیشك لەسەر میلاکی دەزگاکانی تری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی تەندروستین بەڵام تەکلیف کراون بۆ بۆردی کوردستان بۆماوەیەکی دیاریکراو بە مەبەستی وانەووتنەوە/ ڕاهێنان یان هەردووکیان (لە مەودوا لەم نامیلکەیە ناماژەیان پێدەکرێت بە ڕاهێنەر) بۆ ڕاهێنراوانی بۆردی کوردستان لە سەنتەرەکانی ڕاهێنانی بۆردی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و کەرکوك). ئەوفەرمانبەرانەی کەلەسەر میلاکی بۆردی کوردستانن ژمارەیان 100 فەرمانبەرە کە 22 پزیشکن لە بەشە جیاکانی ناو باڵەخانەی بۆرد کار دەکەن بۆ ڕاپەراندنی کاروباری ڕاهێنەرو ڕاهێنراو لە هەر چوار سەنتەرەکانی ڕاهێنانی بۆردی کوردستان.



جۆری بڕوانامەی فەرمانبەران

هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا گەورەترین ڕێژەی فەرمانبەران پێك دەهێنن وە تێکڕایان پزیشکن. هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، فەرمانبەرانی ناو بۆردی کوردستانن وە هیچ پزیشکێکی تێدا نیە وە زۆربەیان دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری وە کۆلێژی تەکنۆلۆژیای زانیاری و کۆلێژی نەوەبیانی / بەشی ئینگلیزین.




Preview sample - page 5 of 8 - Soran University Academic Digital Library

پێکهاتەی ڕاهێنەر وە بەشەکانی پسپۆڕی لە سەنتەرەکانی ڕاهێنانی بۆردی کوردستان

چەند ڕاهێنەر هەیە و لە کوێن؟

کۆی گشتی ڕاهێنەرانی بۆردی کوردستان 316 ڕاهێنەرە لە هەرچوار سەنتەرەکانی ڕاهێنانی بۆردی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکوک) .




نازناوی زانستی ڕاهێنەران چیە؟

مامۆستا گەورەترین وە مامۆستای پارێزەر بەچووکترین ڕێژەی پێکهاتەی نازناوی زانستی ڕاهێنەرانی بۆردی کوردستان پێناد دەهێنێت بۆ ئەو پزیشکانەی کە لە سەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستێ هاوشانیان 43 پزیشک کە نازناوی پیشەییان ڕاوێژکار و پسپۆڕن لە سەر میلاکی وەزارەتی تەندروستێ (هاوتای ئەو نازناوە دەکاتە پرۆفیسۆر وە مامۆستا لەپێکهاتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا وە بۆردی کوردستان) ، بەم شێوەیەی خوارەوە:



ژمارەی ڕاهێنەرلە بەشەکانی پسپۆڕی لە سەنتەرەکانی ڕاهێنان

بەشتمرگەری گشتی زۆرترین ژمارەی ڕاهێنەری لێیە بە کۆی 62 ڕاهێنەر وە کەمترینی لە گوێ وئوت و قورگ ، هەروەکوو لە چارتی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:



Preview sample - page 6 of 8 - Soran University Academic Digital Library


بەشەکانی پسپۆڕی لە سەنتەرەکانی ڕاهێنان

هەروەکو لە خشتەی خوارەوە دیارە، ڕاهێنەرانی بۆردی کوردستان لە سیانزە بەشی پسپۆڕی ڕاهێنراویان هەبە وە زۆرترین ژمارەی ڕاهێنەر لە بەشی نەشتەرگەری گشتیە (62) وە کەمترینی لە بەشی گوێ ولوت و قورگ (5)، هەروەها بەشی تیشک و وێنەگرتنی پزیشکی تەنها لە هەولێر هەبە وە بەشی نەخۆشیەکانی کۆتەندامی هەرس وجگەر تەنها لە سلێمانی . جێی ئاماژە پێدانە کە لە بەشی پزیشکی ئافیگە، ڕاهێنراو لە چوار بواری پسپۆڕی ڕاهێنان دەکەن (بایۆکیمیستری، مایکرۆبایۆلۆجی، هستۆپاتۆلۆجی، هیماتۆلۆجی) ، هەروەها بەشی پسپۆڕی تەندروستی کۆمەڵ و پزیشکی خێزان وە بەشی پسپۆڕی نەشتەرگەری و نەخۆشیەکانی دەم و شەوبلاگ هەر یەکە و لە دوو بواری پسپۆڕی ڕاهێنان دەکەن .

بەشی پسپۆڕی	هەولێر	سلێمانی	دهۆک	کەرکوک	کۆی گشتی
گوێ ولوت و قورگ	4	1			5
تیشک و وێنەگرتنی پزیشکی	7				7
منداڵان	4	4	3		11
دەروونی	4	6		1	11
نەخۆشیەکانی کۆتەندامی هەرس وجگەر		11			11
نافرەتان	6	5	4		15
نەشتەرگەری و نەخۆشیەکانی دەم و شەوبلاگ	12	7			19
هەناو	16	15	15		46
نەشتەرگەری مێشک و بڕبڕەی پشت	4	3	3		10
نەشتەرگەری گشتی	17	17	28		62
تەندروستی کۆمەڵ و پزیشکی خێزان	18	9	15		42
پزیشکی ئافیگە	20	18	17		55
شکست	8	7	3	4	22
کۆی گشتی	120	103	88	5	316

قوتاغەکانی خوێندن وژمارەی ڕاهێنراوله بۆردی کوردستان

بۆردی کوردستان سێ قوتاغی خوێندن وە 187 ڕاهێنراوی هەیە لە 15 بەشی پسپۆڕی، لە یەکەم ساڵی خوێندن (2011-2010) تاکوو ئێستا ژمارەی وەرگرتنی ڕاهێنراو وە ئەو بەشە پسپۆڕیانەی کە ئێی ڕاهێنان دەکەن نزیکەی 2-3 بەرابەری خۆیان زیادی کردووە. جێی ئاماژە پێدانە زۆرترین ژمارەی ڕاهێنراو لە بەشی پسپۆڕی هەناوە (31).






Preview sample - page 7 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بودجەی بۆردی کوردستان

بودجەی ساڵانەی بۆردی کوردستان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی تەرخان دەکرێت. لە بودجەی پەسەندکراوی ساڵی 2012، دەرماڵەی خوێندنی ڕاهێنراو لە دەرەوەی دوواڕ زۆرترین ڕێژە پێک دەهێنێت (35.3٪) ، وە 7.8٪ بۆ کڕینی وانە ووتنەوە، خولەکانی پەمپێرکردنی توانای مرۆیی و کۆتفرانسی زانستی 6.7٪ ، کڕینی کەلوپەل و کڕینی پاڵدەخانە و کارەبای بۆردی کوردستان و سوتەمەنی 11٪ بۆ تەرخانکراوە.



ناوونیشانی بۆردی کوردستان

ناونیشان

عێراق / هەرێمی کوردستان / پارێزگای هەولێر / هەولێر / ئاکەی زراعە نزیک 100 مەتری

کۆدی تەلەفۆنی نێودەوڵەتی عێراق

00964

کۆدی تەلەفۆنی نۆرمال (هێڵی زەوی)

066

ژمارەی تەلەفۆنی نۆرمال

2584062

ژمارەی سندوقی پۆستە

0845/32

مالپەڕ

www.kbms.org

ئیمەیل

info@kbms.org

Preview sample - page 8 of 8 - Soran University Academic Digital Library